وردیلە شیعر:

# پەیژەکان ، خەیاڵی من و پەرچەمی تۆیە.



فەهد گردەوانی



1
لە باخچەی پرسیارەکان
غەزەلی وەڵامم
گوڵەکان
تێر ئاو دەکات.

2
یەکەم هەنگاوی سەفەری دووریم.
لە قوڵایی برسیی بووندا
دەست پێدەکات.

3
دەپرسی زەمەنی
پرسیارەکان و برسی یاتی
چەندە.
وەڵام لە شادەمارەکانم
وشک دەکات.

4
لە هەر بەردێک
ورد دەبمەوە،
زگم بە منداڵەکانی

ئەو بەردەستانە
دەسووتێ.

5
ئەو پیرەژنەی
ددانەکانی ون کردبوو ،
لە گۆڕێکی بە کۆمەڵی دۆزیەوە ،
بەڵام...ئاخ رزیوو بوون .

6
ئەو کچەی
لە ئەنفالی یەکەمدا ،
بە زۆری کون کرابوو
گوندەکەشی کاول کرابوو
منداڵەکانی دراوسێ یان
زیندەبەچاڵ کرابوون .
لە رۆژی نەورۆز دا
خۆی سووتاند و بووە خۆڵەمێش .

7
پیرەمێردێک بە گۆچانەوە ،
لەبەردەم پارکی هەولێر
دەپەڕیەوە .
ئۆتۆمۆبیلەکی سەربازەکانی ئەمریکی
پانی کردەووە .
پۆلیسی هاتووچۆ
هاواری کرد [ستۆپ].
سەربازەکان رانەوەستان ،
پۆلیسەکە لە داخان
لە شوێنی خۆی
گوللەیەکی لەخۆی دا و خۆی کوشت .

8
لە ئاسمانەوە
وشەکان دەبارن و
لە شیری سەلاحەدیین
کۆ دەبنەوە .
فەلەستین رزگار دەکات .
بەڵام کوردستان
بە کەساسی دەهێڵیتەوە و
کوردەکانیش
لە میسر و ئوردن و فەلەستین
نیشتەجێ دەکات .

9
لە سەر پشتي ژێ ی
کەمان و عوود پاڵ دەدەمەوە .
سێبەری دار بەڕووەکان
بە خۆم دادەدەم .
لە تەنیشت جۆگەلەی نەوت[نەفت]
دەخەوم .
نازانم بۆ 17 ساڵە
لە بەهاردا...سەما ناکەم.
لە هاویندا...فێنک نابمەوە.
لەزستاندا...گەرم نابمەوە .

**سوندبیبـاری / سوید**

**10/10 هەتا 10/ 11/2008**